# لین، کات

**ئاگۆتا کریستۆف**
**لە فەرەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی**
**(سویسرا)**

**کەسایەتییەکان:**
لین، تەمەن دوازدە ساڵ
مارک، تەمەن بیست و دوو ساڵ
لین، تەمەن بیست و دوو ساڵ
مارک، تەمەن سی و دوو ساڵ

دیالۆگی هەر دوو بەشەکە دەکرێ ناوبڕیان بکەوێتە ناو، یان دەنگی جۆراوجۆریان بخرێتە پاڵ: بۆ نموونە چلوورە فرۆشێکی دەستگێڕ هاوار بکا: "چلوورەی بە وانیل، چلوورەی بە شۆکۆلات!"، ئۆرگ ژەنێک، هاتوهاوار، قیژە و گریانی منداڵان و... تاد.

**بەشی یەکەم:** باغی گشتی. مارک لەسەر کورسییەک دانیشتووە. لین بە هەڵاتن نزیک دەبێتەوە.

لین (بە دەنگێکی بەرز): تا بەیانی، ڤالەنتین! (لە کن مارک ڕادەوەستێ.) مارک؟ ئەوە خەمباری؟

**مارک:** سڵاو، لین.

**لین:** کچە نەهات؟

**مارک:** کێ؟ با، هات، بەڵام بەپەلە بوو.

**لین:** ئەو بەردەوام پەلەیەتی.

**مارک:** لەبەر منداڵان. لەبەر خاوەن کارەکەی.

**لین:** کچە گەنجەکانی دیکە قەت پەلە ناکەن. دوێنێ، ئانێتم بینی، نزیکەی سەعاتێک لەگەڵ ڕیشنێک چەنەی لێ دا.

**مارک:** ئانێت لەگەڵ هەموو کەسێک زۆربڵێیە.

**لین:** چونکە کچێکی چاکە، هەروەها پەلە ناکا.

**مارک:** بڕۆ یاری بکە لین.

**لین:** چیتر ناتوانم یاری بکەم، دەبێ بڕۆمەوە. تاوێکی تر شەو دادێ.

**مارک:** کەواتە، دەبێ بگەڕێیەوە ماڵێ.

**لین:** کاتی ئەوەم هەیە، یەک دوو قسەت لەگەڵ بکەم؟

**مارک:** من تاقەتی چەنەلێدانم نییە لین. پێم خۆشە بە تەنێ بم.



**لین:** بێزارت دەکەم؟

**مارک:** بێزارم ناکەی، بەڵام... تۆ ناتوانی تێ بگەی.

**لین:** با، تێ دەگەم. تۆ خەمباری، چونکە ئەو بەتاڵووکە بوو.

**مارک:** نەخێر، لەبەر ئەوە نییە ئەو بەتاڵووکە بوو، بەڵکو بە هۆی ئەوەی وای دەنواند کە بەتاڵووکەیە.

**لین:** ئەو کە دەتبینێ پێی خۆش نییە ڕابوەستێ، تەواو و بڕایەوە. حەز ناکا قسەت لەگەڵ بکا. تۆی بەدڵ نییە. تۆ سەرنجی ڕاناکێشی.

**مارک:** نەخێر، باشە تۆ بۆ خۆ تێ هەڵدەقووتێنی؟ لەوە گەڕێ، دەم و لچت بسڕەوە.

**لین:** بۆ چ بووە؟ سمێڵم بۆ دروست بووە؟ تاوێک لەمەوپێش دۆندرمەیەکی کارامێلم خوارد.

**مارک:** دیارە.

**لین** (لە کاتێکدا دەمی دەسڕێتەوە): ئێستاش دیارە؟

**مارک:** ئا، کەمێک. زۆر کەم. تۆ جارجارە سووراو دەکەی؟

**لین:** هەموو بەیانییان. بۆچی؟

**مارک:** پێتەوە دیار نییە.

**لین:** بێ گومان، شەوانە... ئەی تۆ؟ بۆچی ئەو جلوبەرگەت پۆشیوە؟

**مارک:** بە شێوەیەکی ئاسایی جلوبەرگم پۆشیوە.

**لین:** نەخێر، ئاسایی نییە. ملپێچت لە گەردنت هاڵاندووە. ئێستا زۆر گەرمە بۆ ملپێچ. ئەمن پێخواسم و لەگەڵ ئەوەشدا سەرمام نییە.

**مارک:** من لەبەر سەرمایە ئەم ملپێچەم لە گەردنم نەهاڵاندووە، بۆ جوانییە.

**لین:** تۆ پێت وایە ملپێچ جوانە؟ (پیتی "ب" بە خەستی دەردەبڕێ.) لەبەر ئەوە نییە کە باوکت فەرمانبەری ئاگرکوژێنەوەیە و دەبێ پارەی بارانگرێکت پێ بدا.

**مارک:** لین! خەریکە تەڕم دەکەی!

**لین:** دەی هەر لەبەر ئەوە شیاوی پێکەنینە.

**مارک:** قەت بۆ پێکەنین نابێ.

**لین:** با. ئەوەمان لەگەڵ ڤالەنتین داهێناوە. هەموو جارێ کە کچێکی پۆلەکەمان هەوڵ دەدا بە جلەکانی، یان بە شتێکی تر خۆی هەڵکێشێ، ئاوای پێ دەڵێین و تەڕی دەکەین. لەبەر ئەوە نییە کە باوکت فەرمانبەری ئاگرە.

**مارک:** لین، لێی دەبڕێتەوە، یان نا! چۆن بوویتە ملۆزم!

**لین:** تۆ باش نی مارک کە ئاوام پێ دەڵێی. من بەس دەمویست وە پێکەنینت بخەم، بەڵام تۆ لە گاڵتە و گەپ تێ ناگەی. لەوە بترازێ، من پێم وایە بێ ملپێچ قۆزتری. گەردنێکی ئەسمەر و جوانت هەیە.

**مارک:** قسەی قۆڕ، لین!

**لین:** بە ڕاست، من پێم جوانە. بۆچی ئەو شتانە دەکەی مارک؟

**مارک:** کام شتانە؟

**لین:** وەک داوەڵ جل دەپۆشی، کە ئەو تێدەپەڕێ، سوور هەڵدەگەڕێی و جموجوولێکی گەمژانەت دەبێ.

**مارک:** سیخوڕیم بە سەردا دەکەی؟

**لین:** نا، لەنێو پنچکەکان ڕا دەتبینم. حەز ناکەم کە تۆ... کە تۆ وەک جاران نی.

**مارک:** تۆ ناتوانی تێ بگەی. من گشت ئەم کارانە دەکەم بەس بۆ ئەوەی منی خۆش بوێ.

**لین:** بۆچی هێندە گرنگە تۆی خۆش بوێ؟

**مارک:** لینی بچکۆلە، تۆ حەز ناکەی تۆیان خۆش بوێ؟

**لین:** نازانم. پێم وایە تا ڕادەیەک گوێم پێی نابزوێ. ئەگەر منیان خۆش بوێ، چ باشتر، ئەگەر منیشیان خۆش نەوێ، چ قەی ناکا.

**مارک:** کەس نالێ "چ قەی ناکا"، ئەوەندە بەسە بلێی قەی ناکا.

**لین:** دەی قەی ناکا.

**مارک:** بەڵام بە دڵنیاییەوە بە لاتەوە ئاسایی نییە.

**لین:** هەڵبەت، زیاتر پێم خۆشە.

**مارک:** پێم باشترە.

**لین:** بەڵێ، پێم باشترە منیان خۆش بوێ، بەڵام وەک چۆن هەم، بەم شێوەیە.

**مارک:** دایک و باوکت.

**لین:** دایک و باوکم هیچ پێوەندییەکیان بەمەوە نییە. هەرچی بێ، ئەوان منیان خۆش دەوێ، بەڵام خۆشەویستی دایک و باوکم، نابێتە داهاتووی من.

**مارک:** تۆ تەماشا! داهاتوو! بە خۆت و بستێک باڵاوە!

**لین:** من زۆریش گچکە نیم. دوازدە ساڵم تەمەنە.

تەنیا دە ساڵ لە تۆ بچووکترم.

**مارک:** زۆرە دە ساڵ، زۆر زۆرە.

**لین:** دە ساڵ هیچ نییە. من لە دایکمم پرسیوە، باوکم هەشت ساڵ لەو گەورەترە. وا نییە؟

**مارک:** مەبەستت چییە لین؟

**لین:** هیچ. (قەدەرێک ڕادەبووری)، بەڵام پێم وایە تۆ نابێ.

**مارک:** من نابێ چی؟

**لین:** خۆت بە پێچەوانەی ئەوەی هەیە، نیشان بدەی بۆ ئەوەی لەبەردڵان بی.

**مارک:** تۆ ناتوانی تێ بگەی لین، تۆ جارێ منداڵی.

**لین:** بەڵێ، منداڵێک کە بە پێخواسی لەنێو کۆڵاندا یاری دەکا، بەڵام گەورە دەبم. لە چاوترووکانێکدا. ساڵ زوو دێن و دەڕۆن، دەزانی؟ ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا دێت و... من دەبمە کچێکی گەورە.

**مارک:** بێ گومان، تۆ ڕۆژێک دەبیتە کچێکی گەورە.

**لین:** ئەوەندە گەورە دەبم کە بتوانم زەماوەند بکەم.

**مارک:** زەماوەند بکەی؟ جارێ زووە بۆ ئەوەی بیر لەمە بکەیتەوە لین.

**لین:** لەگەڵ ئەوەشدا بیری لێ دەکەمەوە. ئەوەشت دەبێ پێ بڵێم مارک، لەگەڵ تۆ نەبێ لەگەڵ کەسی تر زەماوەند ناکەم.

**مارک:** بەس لەگەڵ من زەماوەند دەکەی؟ باشە بۆچی؟

**لین:** چونکە قۆزی، چونکە فێری یاری شەترەنجت کردم، چونکە خۆشم دەوێی.

**مارک:** تۆ منت وەک هاوڕێیەکی گەورە خۆش دەوێ، لین.

**لین:** بەڵێ، بەڵام لەوەش زیاتر. وەک دایکم و باوکم خۆشم دەوێی، تەنانەت لەوانیش زیاتر، هەروەها وەک ڤالەنتینی هاوڕێم، بەڵام لەویش زیاتر. من تەواو ئاشقی تۆ بووم.

**مارک:** بڕوانە، لین! نابێ شتی وا بڵێی.

**لین:** بۆچی؟ مادام ڕاستن بۆ نەیانڵێم. دەزانم نابێ درۆیان بکەی، لەمە دەگەم و بە گشتیش درۆ ناکەم، بەڵام ڕاستی دەبێ هەمیشە بیڵێی، وا نییە؟ زۆر ڕاستە کە من ئاشقی تۆم.

**مارک:** لین، تۆ تەنانەت نازانی عەشق چییە. ئەمە بۆ تەمەنی تۆ نابێ.

**لین:** تەمەنی من! بەردەوام تەمەن و تەمەن! من زۆر لە پێش تەمەنی خۆمم. زۆر باش دەزانم ئاشقبوون چییە. ئەو ساتەوەختەیە کە دەتەوێ لە تەک کەسێکدا زەماوەند بکەی.

**مارک:** هەمیشە وا نییە لین، حەتمەن وا نییە.

**لین:** ئۆ، یەکسەر نا، من هێندەش گەمژە نیم، بەڵام دوای پێنج ساڵی دیکە، هەشت ساڵی دیکە.

**مارک:** پێنج ساڵی دیکە، هەشت ساڵی دیکە تۆ چیتر بیر لە من ناکەیتەوە، لین.

**لین:** لەمـــــەیاندا تۆ هەڵەی. ئەوە تۆی نازانی خۆشەویستی چییە.

**مارک:** زۆرم پێ خۆشە بە هیچ شێوەیەک سەرەدەری لێ دەرنەکەم.

**لین:** بۆچی؟ تا بڵێی خۆشە. شەوانە، بیر لە تۆ دەکەمەوە، تۆ دێنمە خەیاڵ کە لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەم دانیشتووی. تۆ بزەم بۆ دەکەی. ئەوسا، دەنووم، کاتێکیش خەبەرم دەبێتەوە، دڵخۆشم، بەرەو باغی گشتی ڕادەکەم بۆ ئەوەی بتبینم. ئەگەر من ئاشقی تۆ نەبوایەم، چیم دەکرد؟

**مارک:** لە قوتابخانە دەبووی، لەگەڵ ڤالەنتین یاریت دەکرد.

**لین:** بەڵێ، باشە ئەی بیرم لە چی کردباوە؟ خەونم بە چییەوە بینیبا؟ نەخێر، ئەگەر تۆ نەبوایەی، مارک، وەک... وەک ئەوە وا بوو باران بباریێ.

**مارک:** خۆشەویستی بەردەوام دڵخۆشی نییە لین. هاوکات ئازاربەخشیشە.

**لین:** دەزانم. تۆ پێت وایە من ڕەنج ناچێژم کە دەتبینم گەوجانە لێرە دانیشتووی و چاوەڕوانی کچێکی کە تەنانەت سەیریشت ناکا؟ دەتوانم پێت بڵێم کە تۆ بەو ملپێچ و بەو خوو و خدانەت بێزم هەڵدەستێنی! تەنانەت پێم خۆشە ئاشقی کەسێکی تر بم کاتێ بەم جۆرە دەتبینم!

**مارک:** بەڵێ، ئاوا باشتر دەبێ. ئاشقی کەسێکی تر بە لین. ئاشقی کوڕێکی هاوتەمەنی خۆت.

**لین:** کوڕێکی هاوتەمەنی خۆم! تۆ کوڕی هاوتەمەنی منت بینیوە؟ ئەوان بەس ئەوەندەیان پێ دەکرێ لەنێو پۆلدا جاڕزمان بکەن، پاشان یاری تۆپێن دەکەن. جگە لەمە، مارک تۆ پێت وایە دەتوانی هەڵبژێری؟ ئەو کەسە هەڵبژێری کە خۆشت دەوێ؟

**مـــارک:** نەخـێــر، ناتوانی، هەق بە تۆیە، بەڵام ئەوە دەگری؟ مەگری لینی بچکۆلانە، دەی، مەگری.

**لین:** ناگریم، توورەم، بەڵام تۆ دەبینی، زۆری پێ ناچێ گەورە دەبم، لەویش جوانتر دەبم، لەوی ژیرتر و چاکتر، هەروەها هەرگیز پەلە ناکەم، خۆت دەبینی، پێنج، یان هەشت ساڵی تر، دەبینی.

**مارک:** بەڵێ، لین. مەگری، ئارام بە، بگەڕێوە ماڵێ. گوێ ڕادێرە، دایکت بانگت دەکا.

دایک: لین! لین! زوو وەرەوە! سەعات لە هەشت لای داوە.

**لین:** باشە، دایە، ئەوە هاتم! لە پشیلەکە دەگەڕێم. (لەگەڵ دەنگ بەرزکردنەوەدا هاوار دەکا.) شارابیا! شارابیا!

**بەشی دووەم:** دە ساڵ دواتر. هەمان باغی گشتی. لین لەسەر کورسییەک دانیشتووە. خەریکی خوێندنەوەیە.

**مارک:** تێدەپەڕێ.

**لین:** مارک!

**مارک:** (ڕادەوەستێ). خاتوو؟

**لین:** مارک، نامناسیتەوە؟

**مارک:** ببوورە، نازانم.

**لین:** مارک! لینم.

**مارک:** لین؟ نا، مەحاڵە! کچۆڵەیەکی جیرانمان هەبوو ناوی لین بوو.

**لین:** کات تێدەپەڕێ مارک. من بیست و دوو ساڵم تەمەنە.

**مارک:** بیست و دوو ساڵ! هەرگیز نەمدەناسیتەوە. زۆر گۆڕاوی.

**لین:** دەبینی، من یەکسەر تۆم ناسییەوە، چونکە تۆ زۆر نەگۆڕاوی، بەڵام گەلێ پیر بووی.

**مارک:** پێوەی مەنێ، لین. من بەس سی و دوو ساڵم تەمەنە، بەڵام بەڕاستی دەتوانم ئێستاش، مەبەستم ئەوەیە دیسان، بە... تۆ بانگت بکەم؟

**لین:** بەڵێ، ئێستاش و دیسان. پێت خۆشە کەمێک دانیشی؟

**مارک:** (بەدەم دانیشتنەوە). بەڵێ، ئەگەر تۆ ئیزن بدەی. (کەمێک دەوەستێ.)

**لین:** بۆچی پاش ئەو هەموو ساڵە گەڕایتەوە؟

**مارک:** بۆچی؟ ڕەنگە بۆ دۆزینەوەی کچۆڵەیەک بێ کە بە هوولاهوپ یاری دەکرد.

**لین:** یاری هوولاهوپ باوی نەماوە.

**مارک:** منداڵی ئێستا یاری بە چ دەکەن؟

**لین:** نازانم. بەردەوام دەگۆڕدرێ.

**مارک:** ئەی تۆ لین، ئێستا بە چی یاری دەکەی؟

**لین:** من ئیتر یاری ناکەم. دەخوێنمەوە. من خوێندکاری بەشی زانستە ئابوورییەکانم.

**مارک:** زانستە ئابوورییەکان؟ تۆ؟

**لین:** بەڵێ، من. بۆچی پێت سەیرە؟

**مارک:** نازانم. ڕاستە، بۆچی تۆ خوێندکارێکی بەشی زانستە ئابوورییەکان نەبی؟

**لین:** ڕواڵەتێکی خەمبارت هەیە، مارک. ئاخۆ لەبەر زانستە ئابوورییەکانی منە؟

**مارک:** نەخێر. هەر لەبەر ئەوە نییە، بەڵکو لەبەر قژیشتە.

**لین:** قژم چییەتی؟

**مارک:** کورتترن لە جاران، هەروەها جوان شانە کراون.

**لین:** کاتێک بای نایە، ڕێکوپێکن.

**مارک:** کاتێک، پێشتر قەت دانەدەهێنران، بێجگە لەوەش زارت، قاچەکانت.

**لین:** زارم، قاچەکانم؟

**مارک:** زارت ئیتر پەڵەی شۆکۆلاتی پێوە نییە و پێڵاوت لە پێیە لین. پێخواس نیت.

**لین:** (پێدەکەنێ). تۆش ملپێچت لە مل نەکردووە مارک.

**مارک:** ملپێچی چی؟

**لین:** ئەو ملپێچەی لە گەردنت دەهاڵاند بۆ ئەوەی بکەویتە بەر دڵی هەندێک کەسەوە.

**مارک:** تۆ ملپێچەکەی منت پێ جوان نەبوو. بە بیرم دێ. تۆ گەردنی ڕووت و ئەسمەری منت پێ جوان بوو.

**لین:** خۆت قەبە مەکە مارک. (کەمێک دواتر.) ئەو ماوە دوور و درێژە لە کوێ بووی؟

**مارک:** لە بریتانیا بووم. لەوێ بە دوای ژنێکدا وێڵ بووم.

**لین:** وەک جاران بەپەلە بوو؟

**مارک:** لە جاران کەمتر، تەنانەت توانیم زەماوەندی لەگەڵ بکەم.

**لین:** پیرۆزە.
**مارک:** تکایە. ئێستا لێک دابڕاوین.
**لین:** ئافەرین!
**مارک:** گاڵتەم پێ دەکەی؟
**لین:** بۆچی نا؟ گشت ئەمانە شیاوی پێکەنینن.
**مارک:** لین!
**لین:** ئێستا هەمووان بە کارۆلین بانگم دەکەن. لین ناوی دووەمم بوو، ئەو ناوەی لە منداڵی بچووک دەنرێ. ناوی ڕاستەقینەم کارۆلینە.
**مارک:** بۆ من هەر لین دەمێنیتەوە. لین، ئەگەر گەڕاومەتەوە، لەبەر تۆیە.
**لین:** تۆ بۆ کچۆڵەیەک گەڕایتەوە کە نائومێدانە تۆی خۆش دەویست؟
**مارک:** تۆ منت خۆش دەویست لین؟ هەر بەڕاست؟
**لین:** تەنانەت جارێک پێم گوتی. ئاشقی قژت بووم، هی چاوەکانت، هی دەستت، هی گەردنە ئەسمەرەکەت، شەرمنیتم خۆش دەویست، دڵسۆزیتم خۆش دەویست. من هەموو شتێکی تۆم خۆش دەویست مارک، تۆ لێت دا و ڕۆیشتی.
**مارک:** ئەوەتا گەڕاومەتەوە.
**لین:** تۆ بۆ من نەگەڕاویتەوە. تۆ گەڕاویتەوە بۆ ئەوەی کەشوهەوای جاران بدۆزیتەوە، گەنجێتیت، خەونەکانت، وەهمەکانت.
**مارک:** هەروەها ئەو کچۆڵەیەی منی خۆش دەویست. ئەو کچە تۆ بووی لین.
**لین:** من بووم. جگە لەمە، تۆ ئیتر بۆ من زۆر پیری مارک.
**مارک:** دە ساڵ جیاوازی هیچ نییە.
**لین:** دایک و باوکم دە ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەبوو و لێک جیا بوونەوە.
**مارک:** ئەوان تەنیا لەبەر جیاوازیی تەمەنیان لێک جیا نەبوونەتەوە.
**لین:** وایە، تەنیا لەبەر ئەمە نا. تۆش جیا بوویتەوە و لە ڕووی تەمەنەوە جیاوازییەکی ئەوتۆتان نەبوو، وا نییە؟
**مارک:** دەتوانم بڵێم جیاوازیمان نەبوو. بە ئاستەم ساڵێکمان جیاواز بوو.
**لین:** بۆچی لێک جیا بوونەوە، مارک؟
**مارک:** ئاخ، لین، هیچ نازانم. کات تێدەپەڕێ، مرۆڤەکان دەگۆڕدرێن، شیکردنەوەی ئەستەمە.
**لین:** بێ گومان ئەمنیش زۆر لەوە گەنجترم بتوانم لێی تێبگەم.
**مارک:** لە ڕوانگەیەکەوە بەڵێ. تۆ ئەزموونی زەماوەندت نییە.
**لین:** جگە لە ئەزموونی زەماوەندی دایک و باوکم. منداڵتان بوو مارک؟
**مارک:** نەخێر، بەختەوەرانە منداڵمان نەبوو.
**لین:** بەڵێ، بەختەوەرانە.
**مارک:** تۆ ئێستاش هەر لێرە دەژی لین؟
**لین:** نا، من لێرە ناژیم. ژوورێکم لە خەوتنگەی زانکۆ هەیە، بەڵام جار نا جارێ سەرێک لە دایکم هەڵدێنم.
**مارک:** دایکی من مرد.
**لین:** دەزانم. بەشداری ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی بووم. تۆ لەوێ نەبووی.
**مارک:** هاوکات بوو لەگەڵ ساتەوەختێکی ژیانم کە نەمدەتوانی بێم، بەڵام ئەم بەیانییە چوومە سەر گۆڕەکەی.
**لین:** بەڵێ. (کەمێک دواتر.) ئەی ئێستا بە تەمای چ بکەی؟
**مارک:** نازانم. دۆزینەوەی کارێک.
**لین:** چ جۆرە کارێک؟ تۆ لەبەر ئەو کچە وازت لە خوێندن هێنا.
**مارک:** هەر کارێک بێ گرنگ نییە! شتێک بێ پێی بژیم. دەمەوێ لێرە بمێنمەوە، ژوورێک بدۆزمەوە.
**لین:** هەر کارێک بێ! ژوورێک بدۆزیتەوە! ئەگەر نەڕۆیشتبای.
**مارک:** تووڕە مەبە.
**لین:** تووڕە بم؟ بۆچی؟ (وەستانێک.)
**مارک:** لین؟
**لین:** کارۆلین!
**مارک:** لە ڕوانگەی منەوە لین. هەمیشە لین.
**لین:** کارۆلین، بۆ هەموو کەسێ کارۆلین.
**مارک:** من هەموو کەس نیم. تۆ منت خۆش دەویست.
**لین:** دە ساڵ لەمەوپێش.
**مارک:** بەڵێ، کات.
**لین:** بەڵێ، کات. من بە ڕابوردووی تۆ نازانم، مارک.

ده ساڵی تۆ دوور له من تێپەڕیون. تۆش ڕابوردووی من ناناسی.

**مارک:** تۆ هێشتا ڕابوردووت نییه، لین. تۆ زۆر گەنجی.

**لین:** من گەنجم، بەڵێ، بەڵام ڕابوردوویەکم هەیە: ئەویش تۆی. بە درێژایی دە ساڵ، هەموو ڕۆژێ ڕێم کەوتە ئەم باغەوە. تۆ چیتر لێرە نەبووی. باغی گشتی لێرە بوو، جمەی دەهات لە منداڵ، لە دایک، لە کچانی لاو، لە کەسانی بەساڵاچوو. پڕ بوو لە خەڵک و لەگەڵ ئەوەشدا چۆڵ بوو. بێ تۆ، بۆ من، چۆڵەوانییەک بوو.

**مارک:** من نەمدەتوانی بزانم کە، جددییە. کچێکی تەمەن دوازدە ساڵ، بەڵام من ئێستا لێرەم لین، تۆش چیتر منداڵ نی.

**لین:** تۆ لێرەی، بەڵێ. خۆر دەبێ هەڵبێ، ڕۆژەکان ڕووناک بن و هیچ ڕوو نادا.

**مارک:** ئێمە لەوانەیە بتوانین هەمدیس، دەست پێ بکەینەوە، هەموو شتێک.

**لین:** ئێمە ناتوانین ئەم دە ساڵە بسڕینەوە، مارک. من زۆرم خەون بە تۆ و بە گەڕانەوەت بینی، دەزانی؟ بەڵام لەنێو خەونەکانمدا، تۆ جیاواز بووی. تۆ کەڵەگەتتر بووی، جوانتر بووی، دڵخۆشتر بووی. تۆ بە دوای مندا دەگەڕایتەوە، بەڵام ئەم ڕابوردووە قورس و خەفەتاویەت لەسەر شان نەبوو. ئاخ، مارک! پێم وایە حەز ناکەم جارێکی تر چاوم پێت بکەوێتەوە! (هەڵدەستێ، مارک قۆڵی دەگرێ.)

**مارک:** هیچ هیوایەکم بۆ ناهێڵیتەوە؟

**لین:** بۆ.. تۆ بۆت هێشتمەوە؟ دەستم بەردە، تکایە! لەوە بترازێ من زۆر سەرقاڵم، سێ هەفتەی تر تاقیکردنەوەم هەیە.

لین دوور دەکەوێتەوە، کچۆڵەیەک بە ڕاکردن دێ، پێخواسە. دەنگی لە هی منداڵێتی لین دەچێ.

**کچۆڵەکە:** ماڵئاوا ژان، تا سبەی! (لە پێش مارک ڕادەوەستێ کە لەسەر کورسییەک دانیشتووە.) تۆ خەمباری، بەڕێز؟

**مارک:** دەڵێی چی؟

**کچۆڵەکە:** لێت دەپرسم خەمباری، چونکە ڕۆیشت؟

**مارک:** کێ ڕۆیشت؟

**کچۆڵەکە:** ئەو ژنە.

**مارک:** کام ژن؟ کچێکی جحێڵ بوو، ژن نەبوو.

**کچۆڵەکە:** ڕوخساری لە هی ژنێک دەچێ، پێڵاوی پاژنەبەرزی لە پێیە.

**مارک:** کچی جحێڵیش پێڵاوی پاژنەبەرز لەپێی دەکەن.

**کچۆڵەکە:** مەبەستت ئەوەیە کە پێڵاوی پاژنەبەرزیش کچی جحێڵ لەپێی دەکەن؟ ئاوا لۆژیکترە.

**مارک:** بەڵێ، هەق بە تۆیە لین. ئاوا لۆژیکترە.

**کچۆڵەکە:** من ناوم لین نییە، من ناوم ئالینە.

**مارک:** ئالین؟ ئێ، ناوێکی خۆشە.

**کچۆڵەکە:** هەروەها بە ماندۆلین، کرینۆلین، ئایرلین و ئەوانەش بانگم دەکەن. تۆش ناتەوێ ناوێکی وا گەوجانەم لێ بنێی؟

**مارک:** لین، ناوێکی گەوجانە نییە.

**کچۆڵەکە:** بەڵام ناوی من نییە. پێم خۆشترە

**مارک:** پێم باشترە. دەبێ بڵێی پێم باشترە.

**کچۆڵەکە:** تۆ وەک مامۆستایەک قسە دەکەی. (مارک هەڵدەستێ.) دەچیتە کوێ؟

**مارک:** دەست دەکا بە ڕاکردن.

**کچۆڵەکە:** (دەقیژێنێ): دەزانی، من دەیناسم. من هەموو ڕۆژێ دەیبینم. هەڵاتن بە دوایدا بێ کەڵکە. ئەو قەت لەگەڵ کەس قسە ناکا و هەمیشە بەپەلەیە.

دەنگی هەنگاوەکانی مارک دەبیسترێ.

**سەرچاوە:**

**Kristof, Agota, Où es-tu Mathias?, Genève, Editions Zoé, 2006.**